# گفتوگۆ لەگەڵ نیگار قەرەداغی

**سازدانی: نیهاد جامی**

***لەشانۆی (نان وبووکەشووشە) ی پیتەر شۆماندا نان دەبێ بەئەیقونە بۆ دامەزراندنی ڕیتوالێکی تایبەتمەند لەگەڵ وەرگردا،لابۆری شانۆی لالش لەدەقی"یادەوەری+ هەنگوین" بونیادێکی لەو شێوەیەی تیایە، لەو لابۆرەدا تاچەند سرووتی نانخواردن پەیوەندیی لەگەڵ وەرگردا هەیە، کاتێ لەو ڕیتوالەدا شانۆ نانی پێدەدا؟ دوای ئەوەش تاچەند دوالیزمەکان وێران دەکرێن لەنێوان (نوسەر/ دەرهێنەر) و (دەق/ تەئویل)دا، ئایا گوتاری میتافیزیکیا لەولابۆرە توانای خوڵقاندنی دەقێکی تری هەیە، کەببێ بەئەلتەرناتیڤی دەقی پێش خۆی؟*

ئێمە نەك لەنێوان دوالیزمی نێوان (دەق/دەرهێنەر) هەوڵ ئەدەین کەنەیهێڵین، ئێمە لەزۆر شتدا هەوڵی نەهێشتنی ئەو دوالیزمەمان داوە، لەنێوان(ڕەش/ سپی)دا، لەچەمکی بینەر و پانتایی، ئێمە زۆر هەوڵی ئەزمونیمان داوە، کەئەمڕۆ لەڤیەننا زۆرجار ئەیبەستینەوە بەنان خواردنەوە،بتەوێ و نەتەوێ شتەکە لەخۆوە نابێت، ئێمە مێزی نان خواردن بۆبینەرەکەمان ئامادە دەکەین، جا لەکاتی نمایشەکە بێ یا دوای نمایش، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆچەمکی نان خواردن لەکولتوری کوردیدا، بێگومان ڕەنگە لەکولتورەکانی تریشدا هەمان مەبەست هەبێت، نان خواردن لەسەر سفرەیەك بۆئێمە واتە کۆبونەوەی چەند کەسانێکی جیاواز جیاواز، کەبیری جیاوازیان هەیە، ئایدیۆلۆژیا ..تەمەن..ڕەگەزی جیاوازیان هەیە،من لەگەڵ تۆدا لەسەر سفرەیەك نانم خوارد، واتە من دان بەبونی تۆ دەنێم وەکو مرۆڤ، نەك دان بەئایدیۆلۆژیا و فیکری، بەڵکو من وەکو مرۆڤ تۆ قەبووڵ دەکەم لەگەڵ خۆمدا لەسەرسفرەیەك دانیشین سەعاتێك بەنان خواردن بەرینەسەر، واتە کۆکردنەوەی تاکەکان، هەرلەو مەبەستە ئێمە بەدوای زۆربەی نمایشەکان و سیمینارەکانمان نان خواردن بۆبینەرەکانمان ئامادە دەکەین، زۆربەی زۆری خواردنەکەش پێکهاتووە لەساوەر بۆچی ساوەر؟ ساوەر لەلای ئێمە زۆر دەلالەتی هەیە، یەکەم وەکو خواردنێکی کولتووری تایبەت بە کورد کە لەکولتورەکانی تر بەو شێوەیە نایبینیت، واتە خواردنی ساوەر لەلای ئێمە جیایە، پاشان ساوەرەکە لەگەنمە گەنم لای ئێمە ڕەمزی هەڵسانەوەو ژیانەوەو بەردەوامییە، هەرلەوچەمکەوە زۆرترین جار ساوەر بەکار دێنین، لەئەکسسیۆنی(یادەوەری+هەنگوین) ساوەرلەگەڵ هەنگوین و گەنم و نان یاخود هەندێ ماتریالی تر کەڕاستەوخۆ پەیوەستن بەخواردنەوە واتە شتێکن کەبۆ خواردن بەکار دێن،کۆکردنەوەی بینەرێك کە هەریەکەیان لەکولتوری جیاواز جیاوازەوەیە، ئەمڕۆ ئێمە لەئەورووپا تەنیا بینەری کوردمان نیە،ئەڵمانمان هەیە،نەمساویمان هەیە،فەڕەنسیمان هەیە، عەرەب و تورك و فارس و ئەمریکیمان هەیە، هەریەکەیان هەڵگری کولتورێکی جیاوازن، ئێمە ئەو کولتورە جیاوازانە

لەسەرخوانێکی کوردی کۆدەکەینەوە، خوانەکەش هەرئەوەنیە بخۆین و بڕۆین، نەخێر لەکاتی خوانەکە دەکەوینە قسەکردن، دەکەوینە یەکتر ناسین و دەیالۆگ، زۆرجاردەکەوینە شەڕێکیشەوە، نەک شەڕە کورسی؟،بەڵکو شەڕی دەیالۆگ..شەڕی فیکر گۆڕینەوەی ئەفکاری هونەری و فەلسەفی و سیاسی، واتە ئێمە حالەتێکمان هەڵبژارد، کەئێمە چۆن تێکەڵ بەبینەرێک بکات بینەرێك بەئێمە ئاشنا نیە تەنانەت زۆریان نازانن کوردستان ئەکەوێتە کوێ، بەهیچ شێوەیەك ئاگای لەکێشەی کوردەوە نیە، ئەویش مافی خۆیەتی مەرج نیە بگەرێ بەدوای هەموو شتەکاندا، هەروەکو چۆن کوردێك ناگەرێت بەهەموو شوێنێکدا.

*ئەوە مانای وایە ئێوە لەشانۆدا بایەخێکی تایبەت بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دەدەن، بۆیە با بەقسەیەکی شتراوس پرسیار بکەین، ئەو دەڵێ"گرنگ نیە ئەو خواردنەی ئێمە دەیخۆین چیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە شێوەی دانیشتنەکانمان لەگەڵ میوانەکاندا چۆن"لابۆری شانۆی لالش تاچەند ئەو دەستەواژەیە بەهەند وەردەگرێت؟*

ڕەنگە ئێمە نەگەڕێینەوە بۆ قسەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان هێندەی ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆخواردنێکی سەرسفرەی کوردی چی بەمن دەڵێت، چونکە ئێمە لەکولتوری خۆماندا هیچ کەسێك و لەسەر سفرەی نان خەواردنمان قەبوول ناکەین، ئەگەر ئەو کەسەمان نەوێت و خۆشمان نەوێت، ئەگەر هەست نەکەین ئەو کەسە خاڵێك هەیەکۆمان ئەکاتەوەو توانای دەیالۆگمان هەیە.

یانی شێوەی دانیشتنەکە ئەو ماهیەتەی نابێت؟

شێوەی دانیشتنەکە بۆ ئێمە گرنگ نیە چۆن ڕوو ئەدات، گرنگ ئەوەیە لەکاتی نان خواردنەکە چی ڕوو دەدات.

یانی ڕیتوالێکی تر هەیە وەرگر خۆی درووستی دەکات؟

بەڵێ، ئێمە کەشێکی وا ئەخولقێنین کەپرۆفیسۆرێکی زانکۆی شانۆ لەگەڵ کرێکارێکی یوگسلافی، ئەگەر کرا کرێکارێکی کورد لەسەر هەمان مێز دانیشێت ئەفکاریش بگۆڕێتەوە، کەڕەنگە لەئاستی ڕۆشنبیری ئەو دوانە جیاوازیەکی زۆر زۆر هەبێت،بەلام لەوێدا نەپرۆفیسۆرەکە پرۆفیسۆرە بەتەواوەتی، نەکرێکارەکەش کرێکارە بەتەواوەتی، بەڵکو دوو مرۆڤن، مرۆڤ مرۆڤایەتی هەموو جارێك جەختی لەسەر دەکەینەوە، چونکە کارەکانی ئێمە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیدایە نەوەك لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیا و فیکرو توخم، ڕەنگە پیاوێکی کورد لەژیانیدا قەبوولی نەبێت ژنێك بەرامبەری دانیشێت و جگەرە بکێشێت و شەراب بخواتەوە، بەلام

لەسرووتەکەی ئێمە ڕەنگە ئەو هەڵسێت پێکی بۆ تێبکات، ڕەنگ نیە ئەو ژنە ئەوروپی بێت بۆیە قەبوڵی دەکات، نەخێر ڕەنگە ئەو ژنە کوردیش بێت، سرووتەکەش هەرجارەی شێوازێکە من ناتوانم پێت بڵێم ئێمەبەبازنەیی دادەنیشین، یاخود ئێمە لەسەر مێز دادەنیشین، یاخود بەپێوە نان دەخۆین، بەڵکو ئێمە لەهەوڵی خولقاندنی سرووتێکداین.

شوێنگەی جەستە لەو پرۆسەیەدا چیە ئایا جەستەیەکە لەپرۆسەی نمایشدا پانتایی بەرهەم دێنێتەوە یاخود تەنها بەشێك دەبێت لەپانتاییەکە؟

ئێمە دروشمێکمان هەیە دەڵێین جەستە بەشێك نیە لەپانتایی بەڵکو خۆمان پانتایین، واتە من خۆمەهەڵگری شتەکانم.. جەستەم ناکەمە نێوەندێك کەلەڕێگەیەوە شتێك بگەیەنم، جەستەی ئێمە هەڵگری یادەوەریەکی زۆر دورودرێژە، مێژوویەکی لەسەر نوسراوەتەوە بەهەموو بوارەکانیەوە.

باشە، بەڵام ئەو یادەوەریە خودیە چەندە دەتوانێ پەیوەست بێتەوە بە یادەوەریی گشتی کۆمەڵگا، ئەگەر لەو دەقەی سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد لەئەکسیۆنی سیناریۆکەدا دەبینین ڕەنگەکان بەرەو جەستەی کۆ قووڵ دەبنەوە، وەك لەڕەنگی ڕەش دەبینین، کەدەلالەتی شەهوەتی پێدراوە، ئەوەش دۆزینەوەی وەزیفەیەکی ترە پەیوەندی بەجەستەی کۆمەڵگاوە هەیە ئایا ئەوە یادەوەری کۆمەڵگا نیە نەوەکو یادەوەریەکی خودی بەتەنیا؟

هیچ      یەکێك لەو ماتریالیانەی هەڵی دەبژێرین لەخۆوە هەڵی نابژێرین، ئامانجی ئێمە ئەوەیە تاچ ڕادەیەك دەتوانین بگەڕێین بەدوای کولتوری خۆمان، چۆن دەتوانین ئەمڕۆ لەشانۆدا و لەئەوروپا سودی لێوە ببینین، بۆیە کارکردن لەگەڵ ئێرە جیاوازە وەك چۆن کارکردنی ئەو لەگەڵ مندا جیاوازە، ئەگەر شانۆکارێکی ئەوروپی بێتە سلێمانی یا هەولێر کاربکات، بێگومان ئەو کەسانە و دەوروبەرو ئەوانەی دێنە سەیری شانۆگەریەکەی هەموویان دەبنە هۆکار بۆئەوەی جۆری نمایشەکەی بگۆڕن، گەڕان و پشکنینی ئەمڕۆی ئێمە لەنێوەندی توێژینەوەکەی شانۆی خۆمان لەوەوە هاتووە ئێمە تەنانەت دەگەڕێینەوە بۆشارستانیەتی میزۆپۆتامیا، واتە گەلێکی زۆر کۆنترە لەو سەردەمانەی کەباسی دەکەین، کورد لەو سەردەمە چۆن ژیاوە؟ دەگەڕێینەوە سەر هونەری کۆنی میللەتانی ئێران، تەنانەت دەگەڕێینەوە سەیری ئەو پەیکەرانە دەکەین، من ئەکتەرێکی شانۆیم کۆمەڵێك تەکنیکی جەستەییم لەپەیکەری خواوەندە ژنەکانی پێش سەردەمی زەردەشتیدا، واتە چۆن من سوود لەو کولتورە وەردەگرم، ئێمە زۆرجار ڕەنگە کۆمەڵێك شت بەبێئاگاییەوە بکەین، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە شتێکە چونکە ئێمە هەڵگری ئەو کولتورەین، بەڵام ڕەنگە زانستیانەبیرمان لێ نەکردبێتەوە و بەسەرماندا تێپەڕیبێت.

**ئەو خاسیەتانە چین هەوڵی سڕینەوەی ئەو تان وپۆیانەی دەقی پێشو دەدەن و دەیانەوێ دەقێکی پێر فۆرمانسی بخوڵقێنن؟**

دەقی پێر فۆرمانسی لەلای ئێمە دەقێکی نووسراو نیە، لەچەمکی دەقی نوسراوی ئەدەبی، واتە پڕۆسەی ئە̓و دەقە پێرفۆرمانسیە لەوێ تەواو دەبێت وەڕەنگە تەواویش نەبێت دەخرێتە سەر تەختەی شانۆوە بۆ بینەران نمایشت دەکرێن، دەقی پێرفۆرمانسی دەقێکە بواری ئیشکردنی زۆر فراوانترە لەدەقێکی نوسراوی ئەدەبی، لەدەقی پێرفۆرمانسی کارەکتەر نیە، فیگور نیە بەو واتایەی کە لەدەقێکی ئەدەبی هەیە، لەو جۆرە دەقەدا کەسی نمایشکار خۆی گرنگە، نەك کەسێ کە لەپشت ئەودا هەیە و نوێنەرایەتی دەکات، واتە زەمەن واقعیە ئێستایە، واتە ئەو چێشتخانەیەی کەمن کاری تیا دەکەم  نایکەم بەشوێنێك دەلالەتی چێشتخانەی بدەمێ، نەخێر خۆی چێشتخانەیە، گرنگیەکەی لەوەدایە کە چێشتخانەیە، بۆیە ئێمە نمایشەکە لەچێشتخانەکەدا دەکەین دەنا دەچین لەسەر تەختەی شانۆدا دەیکەین، مێزوکورسی دادەنێین ودەلالەتی ئەوەی دەدەینێ کە چێشتخانەیە، لەبەر ئەوەی دەقی پێرفۆرمانسیی ئەوکارانەن کەلەشوێن وکاتی واقعی دەکرێن ئامادەبوونی خۆم کارەکە دەبات بەڕێوە، نەك ئامادەبوونی ئامادەبوویەك کەمن نوێنەرایەتی دەکەم، هەرلەبەرئەوەش مەشق کردنەکەشمان جیاوازە تۆچەند ئەکتەرێك ئامادە دەکەیت بۆئەوەی ڕۆڵێك ببینێت بۆئەوەی کارەکتەرێك نوێنەرایەتی بکات، ئەو مەشقانەی ئێمە زیاتر بۆئەوەیە چۆن جەستەی ئەکتەر وەیاخود دەنگی ئەکتەر دروست دەکەیت بۆئەوەی بتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات کەخۆی بە ئاکام بگەیەنێت نەك فیگور بەئاکام بگەیەنێت.

**بابگەڕێینەوە سەرجەستە، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان جەستەی ژن و کاری لابۆری، ئەو جەستە دیسپلین کراوەی ژنی کوردی لەئەزمونەکانی لابۆری شانۆی لالش تاچەند هەوڵی فڕێدانی دەمامکەکانی سەری دراوە؟**

من تەنها جەستەیەکم کە وەکو ئافرەتێك ئەمڕۆکە لە لابۆری لالش ئیش دەکەم، ڕەنگە ڕۆژێك لەڕۆژان کەسانی زۆرتر هەبن لەو بوارەدا ئیش بکەن نەك لەلابۆری لالشدا، چونکە لابۆری لالش خەلاسی نیە بۆئەو قەیرانەی شانۆی کوردی تێی کەوتووە، ڕەنگە خەلاسی بێت بۆ من و شەمال عومەرو خەڵکانێك کەڕاستەوخۆ کار لەگەڵ ئێمە دەکەن، لەبەر ئەوە ئەوشتانەی ئێمە دەینوسین و کاری لەتەکدا دەکەین مەرج نیە ببێ بەیاسایەك کەشانۆی کوردی لەسەری بڕوات، گرنگی بۆئێمە لەجیاوازیدایە، سەبارەت بەخۆم زۆرهەوڵی جدیم داوە، هەوڵ بدەم ئەگەر بێت و وەکو تەنیا کەسێکیش خۆم لەو کۆتانە ڕزگار بکەم و خۆم بەئاکام بگەیەنم، واتە جەستەی من هەڵگری کۆمەڵێك ئازار وداپلۆسانە، جەستەیەکە کولتورێکی پێ بەخشراوە، واتە ڕەنگە تاوەکو چەند ساڵێکیش لەمەوبەر من خۆم جەستە نەبووبێتم، بەڵکو من جەستەم هەبوو بێت، یانی دەبێ

**جیاوازی بکەین لەنێوان ووشەی جەستە هەبوون و جەستەبوون، زۆربەی زۆری مرۆڤ جەستەی هەیە، کەتۆ شتێکت هەبوو دەشێ ڕۆژێك لەڕۆژان ئەوشتەت لێبسەنرێتەوە، وەیاخود ڕێسایەك هەبێت دیسپلینی بکات، واتە ئێمە خاوەنی شتەکەین، ئێمە ئەو شتە نین، بەڵام جەستەبوون، مانای من جەستەم وەك وتم جەستەبەشێك نیە لەدەرەوەی من، خۆم جەستەم، من جەستەم نیە من جەستەم، کەمن جەستەم هەبوو لەخۆشمی قەبووڵ دەکەم ئەو جەستەیەم بکرێتە قوربانی، ئەو جەستە پارچە پارچە بکرێت، ئەگەر بێینە سەرقوربانی جەستە تۆ کەگیاندارێك دەکەیتە قوربانی گۆشتەکەی پارچە پارچە دەکەیت دابەشی دەکەیت بەسەر گەڕەك و خزم و کەس، لەپێناو چیدایە؟ لەپێناوی ئەوەی کەکێشەیەك هەیە لەخێزانێك یاخود لە کۆمەڵگادا، تۆ دەتەوێ بەهۆی پارچە پارچەکردنی ئەو جەستەیە، جەستە پارچە کراوەکەی ئەو کۆمەڵگایە جارێکی تر لێکی بدەیتەوە، بەڵام ئەوە ئامانجی من نیە، من نامەوێ جەستەم لەسەر شانۆ پارچە پارچە بکرێت، تاوەکو جەستەی کۆمەڵگاکەم یەکبگرێتەوە، من لەو باوەڕەوە ئیش ناکەم، چونکە کەجەستەی من پارچە پارچە کرا، ئایا دەشێ ڕۆژێ لەڕۆژان پرسیار لەوەبکرێتەوە کەجەستەی نیگار چۆن یەکبگرێتەوە؟ بۆیە لەو باوەڕەدا نیم چونکە من جەستەم نیە من جەستەم بەڵام، ئەگەر جەستەم هەبێت، وەك ئەکتەرێك کەبەشێوازی تر کار دەکات، زۆربەی زۆری ئەکتەر جەستەی دەخاتە بەردەستی دەرهێنەر خۆی پارچە پارچەی بکات، لەبواری پارچە پارچە کردندا، جەستەی بینەران کەلەگەڵیدا کۆمەڵگا دروست دەکات یەکبگرێتەوە.**

---

**تێبینی :**

**مافی بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە پارێزراوە لەلایەن نووسەرەوە.**

**بۆ دووبارە بڵاووکردنەوەی پێویستە پەیوەندی بکرێت بە نووسەرەوە یان:**

www.dengekan.com